# توندوتیژی و تیرۆر لە کەسێتیدا

محەمەد تەها حوسێن

## چەند قسەیەک

ماهییەتی تیرۆریستی و دژکاری کەسێتی دەمانخاتە بەر بژاردەی چوونە ژوورەوە بۆ نێو دووانەکانی پێکهاتەی مرۆڤ، ئەو دووانانەی کە کەسێتی ناتوانێ خۆیان لێ دوور بگرێ، چ لە ڕووی بوون لە جیهاندا، یان هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگی لە پێناو مانەوە و بەردەوامی و ئارامی و کار و هەر جۆرە چالاکییەک ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤ بێ.

تیرۆریست لە کەسێتی دانەماڵراوە، ئەو بوونەوەرە لێڵەش نییە تا ئەو ئاستەی نەتوانین خەسڵەت و کارەکتەر و تاسکەکانی دیار بکەین، ئەو بۆیە پەنای بردۆتە بەر شێوازی وێرانکردن و هەڵبژاردووە، چونکە لە بنچینەدا لە ژیان ترساوە و لە هەڵبژاردنی ئەو هێڵە ستراتیژیانەش تۆقیوە کە دەیگەیەننە ئاستێک هەست دەکات و پەی بەوە دەبات کە تاکێکی سوودمەندە و توانایی ئەوەی هەیە کاری باش بۆ ئەوانی تر بکات وەک وەڵامێکی پۆزەتیڤ بۆ ئامادەباشییە بۆماوەیی و کۆمەڵایەتی و عەقڵییەکانی تاوەکو لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە وەک بوونێکی کۆمەڵایەتی هەڵسوڕێ و لە پرۆسێسی بە کۆمەڵایەتیبوونیشدا بکەوێتە کارلێک لەگەڵیاندا.

«شەهوەتی خوێن» (*) لای تیرۆریست حەزێکە بۆ بچووک سەیرکردنی ژیان و ڕەتکردنەوە و لادانی ئەو کەسانەی توانییان بە پلیکانەکانی پەیژەی ژیاندا سەرکەون و نەهێڵن بەردەوام بن لەو جۆرە چێژ وەرگرتنە. لەوانەیە فرۆید لە نێوان زانا دەروونییەکاندا لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو دیاردە و ئەم چەمکە سەرکەوتووترینیان بێت، ئەویش لە ڕێگەی ئەو کەسێتییەی لە خەسڵەتە ڕوون و دیار و لە پەرچەکردارەکانی لە هەڵوێستەکانی



ئەریک فرۆم

ژیانیدا سەرنجی دەدەین و دەکەوێتە بەر هەستمان.

هەردوو غەریزەی ژیان و مردن لای فرۆید ئەو دووانە دەرکەوتووەن کە دەتوانین لە ڕێگەیانەوە تا ئاستێکی زۆر و بە وردی دەستنیشانی خوو و خەسڵەتە دیارەکانی ئەم جۆرە کەسایەتییە بکەین. ئەوانەی لە بژاردەی ژیانسازیدا دۆڕاون، ئەوەندە لە کەسێتییە نۆرماڵەکان دوور ناکەونەوە و هەر لە نێویاندان، بەڵام هێزە شەڕانی و وێرانکارەکەیان کە لە قووڵایی نەستیاندا گەرای جۆراوجۆری ناوەتەوە بۆ سەلماندنی خۆیان و ڕاگەیاندنی بوونیان ڕووبەڕووی هێزی ژیانسازی لە مرۆڤ و کۆمەڵگاکەیدا دەبنەوە.

## دیدگەیەکی دەروونشیکاریانەی کورت

فرۆید لە کتێبێکیدا بە ناوی "چەپاندن" و لە بابەتی سادیزمدا کە لە بنەڕەتەوە پەیوەستە بە کردە و مامەڵە شەڕانگێزییەکان و ئازاردانی مرۆڤ، ئاماژە بە برگەیەک دەکا لە وتووێژێکی مارکیس دۆساد کە خودی چەمکەکە لە ناوی ئەو وەرگیراوە و لە کتێبی "جۆستین و جوٚلیت" داڕێژراوە و تێیدا دەڵێ: جەستەکان خوێناوین، منداڵەکان لە باوەشی دایکیان دەرفێنرێن، کچەکان لە کۆتایی پێوەندییەکی هاوسەریدا ملیان دەپەڕێنرێ، پەرداخەکان پڕ دەکرێن لە شەراب و خوێن، داهێنراوی تازە لە کەرەستەی ئەشکەنجەدان: مەنجەڵی گەورەی پڕ ئاوی کوڵاو پیاو و ژنەکانی دەخرێنە نێو و دواتر کەوڵیان دەکەن، دڵیان لە سنگیان دەردێنن، زۆر جۆر ئەشکەنجە و کوشتنی تر کە موچڕکمان بە لەشدا دێنن، دوای هەموو ئەو ڕووداوانە کە هەر بە بیستنیان دڵمان دەتۆقێ، ئەو مارکیزە شێتە بە وەستاوییەوە زەردەی دێتێ و زۆر لەو کارانەش ڕازییە کە کردوونی(١).

ئایا ئەو دیمەنە تراژیدییە سیمبۆلیکییەی مارکیس دۆساد کە فرۆید بۆ دەروونە شەڕانگێزەکان بیرمان دەخاتەوە، بەو دیمەنانە ناچن سیاسییە فەرمانڕەوا مرۆخۆرەکان و گرووپە تیرۆریستییەکان لە ئەشکەنجەدان و کوشتنی مرۆڤدا پەنای بۆ دەبەن؟ داهێنان لە کوشتن و لەبەین بردنی مرۆڤدا وەک بوارێک لە بوارەکانی مەعریفەی وێرانسازی لە پەرەسەندندایە، ڕقی مرۆڤە شکستخواردووەکان لە هێنانە کایەی ژیانێکی ئارام و دروست و لە هەڵزنانیان بە هەورازەکانی ژیان ناچاریان دەکا بەم شێوە قێزەونە بوونی خۆیان وەک بوونەوەرەکانی دۆزەخ بسەلمێنن.

ئایا ناکرێ پشتیوانی ئەو پرسیار و گومانەی ئەریک فرۆم بین کە لە کتێبی"گەوهەری مرۆڤ" دا دەیکا و دەڵێ: ئایا مەحشەری مرۆڤ دوو ڕەگەزی لە دوو ڕەگەز پێک نەهاتووە یەکێکیان گورگ و ئەوەی تریان مەڕ؟ چۆن دەتوانین بە سانایی مەڕەکان ڕازی بکەین وەک گورگ هەڵسوکەوت بکەن کە لە سروشتیاندا ئەو شتە نین؟ ئایا مرۆڤ لە یەک کاتدا هەم گورگە و هەم مەڕیش؟ یان نە ئەویانە و نە ئەم؟ بۆچی بەرەنگاری گورگەکان دەبینەوە لە کاتێکدا خۆمان لە ناخەوە گورگین؟ تا ئەو ئاستەی تێماندا هەیە گورگایەتییەکەی لە گورگی تێپەڕاندووە(٢).

ئەم پرسیارانەی فرۆم نیشانەی ڕەشبینی ئەو و دەروازە لێداخراوی نین لەسەر ژیان و بژاردە ئەرێنییەکانی، ئەوەش نییە پێمانوابێ وەڵامی ئەو پرسیارانەی لا نییە و لە یەکێک دەگەڕێ وەڵامەکانیانی لێ دەستکەوێ و سەرچاوەکانی هزر و ڕەفتاری شەڕانگێزی نیشان دەن و زیاتری بۆ ڕوون بکەنەوە، ئەریک فرۆم وێنەیەکی شێواوی مرۆڤمان ناداتێ، ئەو تەنیا ئەم پرسیارانەی وەک ئەگەرگەلێک بۆ بە قسەهێنانی خودی شەڕانگێزی کردوون و دەیەوێ هەڵگرەکانی دان بەوەدا بنێن کە ئەوان لە بنچینەدا ویستوویانە بژین و ژیانیشیان زۆر خۆش

ویستووە و هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی بەسەر زەحمەتییەکانیدا سەرکەون، بەڵام لەو نێوەدا بە هەر هۆیەک بێ، شکستیان هێناوە، هەر بۆیە بژاردەی دووەمیان هەڵبژاردووە کە تاڵکردنی ژیانە لە خۆیان و لەوانی تر.

فرۆیدیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەشکەنجەدان و کاری شەڕانگێزی تەنیا ئەوەندە نین کەسە نەخۆشەکە قایل بکەن بەقەد ئەوەی ئەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتانە لە هەستێکی ناوەکی خۆیان هەڵقولاون و هەر ئەوەشیان بەلاوە بەس نییە ئازار و ئەشکەنجەی قوربانی بدەن، بەڵکو بە جۆرێک لە ڕازیکردنی لایەنی سێکسیش دەیخوێنێتەوە(٣).

لێرەدا وێنە فرۆیدییەکە ڕێنوێنیمان دەکات و جۆرێک لە وەڵامێکی ڕەزایەت بەخشی پرسیارەکانی فرۆمان دەداتەوە و ئەو هێزە کێشکەرانەمان نیشان دەدات و ڕاشمان ناکێشێتە تاریکستانی غەریزەکان و هێزە نا ئیرادییەکان و پێمان دەڵێ کە تیرۆریست چێژێکی زۆر لە کردەوە بێزراوەکانی وەردەگرێ چون هەلی چێژ وەرگرتنی لە ڕێگەی ئاسوودەیی لە ژیان و هەڵزنان پێیدا بۆ هەڵنەکەوت و وەک کەسە هاوسەنگەکان نەیتوانی ببێتە هێزێک بۆ داهێنان و ژیاندۆستی، هەر بۆیە پەنای بردە بەر ئەوەی فرۆید پێی دەڵێ "شەڕانگێزی تۆڵەسەندنەوە".

ئەو وێنە زەینییە فرۆیدییە بۆ شەڕانگێز لەوە حاڵیمان دەکا کە توندوتیژی و حەزی ئازاردانی ئەوانی تر جۆرێک لە تێربوونی سێکسی بۆ کەسەکە فەراهەم دەکەن، ئەویش بە گرتنە بەری میکانیزمی دەروونی و ڕەفتاری توندی فیزیکی.

لە «تەوتەم و تابو» (**)دا کاتێ فرۆید دیاردەی کوشتنی باوکمان لە یەکێک لە حیکایەتە میتۆلۆژییەکان بۆ لێکدەداتەوە، دەیەوێ ئەوەمان تێبگەیەنێ کە بەشێکی زۆری مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر بەرهەمەکانی شەڕ دامەزراوە و دەروونی مرۆڤیش هەرگیز لەو دۆخە دوور نەبووە و لەپاڵ بەردەوامبوونی لە ژیاندا تا بۆی کرابێ هەوڵی داوە لە سەرچاوەکانی ئازار دوور بکەوێتەوە کە بنیادی سایکۆلۆژی ئەویان تاواندۆتەوە و لە بەرانبەریشدا کاتێ ئازاری گەیاندبێتە خەڵک بە ئازاری "ویژدان ئازاری" تلاوەتەوە.

## گەڕانەوە بۆ غەریزە و زگماکی

توخمە بنچینەییەکانی کەسێتی لای فرۆید کە ڕاهاتووین لەوەی بەسەر پەتەکانیدا هاوسەنگ، یان ناهاوسەنگ ئەم سەر و ئەوسەر بکەین بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵدێری بێ مانایی و فەزایەک لە بیرنەکردنەوە زۆر بە لامانەوە گرنگن، (منی باڵا) دەمانکاتە ئینسان و (من) یش ئەو چانسەمان بۆ فەراهەم دەکا بەشێک لە پێویستییەکانمان دەسکەوێ، ئەگەر توانی غەریزەکانمان و ئەو هێزانەی بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی کولتوورمان دەبەن، بە عەقڵانی بکات. ئەوپەڕگیری لە وەڵام بۆ هەر یەک لەم ئایکۆنە فرۆیدیانە دەمانبەنە دەرەوەی نۆرمەکانی کۆمەڵگە، لەوەشەوە وا لە فرۆید حاڵی دەبین کە فەرهەنگ و چوارچێوە مەعریفییەکانی مرۆڤ بەرپرسی سەرەکین لە ئامادەکاری سایکۆلۆژی تاکەکان و گونجانیان لەو کەش و هەلومەرجانەی مرۆڤ تێیاندا دەژێت.

دەرچوونی شەڕانگێز، یان تیرۆریست لە بازنەی ڕەنگرێژکردنی کۆمەڵایەتی بە مانا تازەکەی، ناچاری دەکا ڕێچکەی دیکە بۆ گەیشتن بە پێناسەیەکی تر بۆ خۆی هەڵبژێرێ(مرۆڤی شەڕانگێز) کە لەوانەیە پێچەوانەی پێناسە باوەکە بێ و وەڵامی هەر داخوازییەکی غەریزە بداتەوە جا چ سێکسی بێ، یان خاوەنداریێتی، یان وێرانسازی و مەرگدۆستی وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ بنیادنانی ژیان کە نەیتوانی تێیدا سەرکەوتوو بێ.

گرنگە لێرەدا ئاماژە بە هەندێ دیدگەی سایکۆلۆژی جیاواز بکەین لەسەر ڕیشەی شەڕانگێزی و توندوتیژی، لەو دیدگایانە غەریزی و ڕەفتاریستەکان و دواتر سایکۆلۆژیستە کۆمەڵایەتی و هیومانیستی و مەعریفییەکانن، هەر هەموو ئەمانە شیکردنەوەی تایبەتی خۆیان بۆ ئەو بابەتە هەیە و سەرەنجام گشتیان لەسەر بایەخی کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی تاک کۆکن کە بەهۆیانەوە مرۆڤ دەبێ ببێتە ئەو بوونەوەرەی بگونجێ و بتوانێ لەگەڵ هاوشێوە و هاوڕەگەز و هاوخەسڵەتەکانی بژی و لە نێویاندا هەست بەو ئارامییە بکات کە بەهۆیەوە دەتوانێ ئینتیما و ڕەزامەندی کۆمەڵایەتی وەدەست بێنێ.

ماگدۆگڵ کە سەر بە گرووپی غەریزییەکانە، سەبارەت بە توانایی مرۆڤ دەڵێ: زۆر جار زمانەی ڕێگر هەن ناهێڵن ئینێرژی مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی دەرچێ، هەر بۆیە لە هەلومەرجی دیاریکراودا دەردەپەڕن، ماگدۆگڵ غەریزە بە ژوورێک دەچوێنێ بەردەوام غازی تێدا بەرهەم

دێ. فرۆیدیش لە تیورەکەی خۆی لەسەر لیبیدۆ وێنەیەکی هایدرۆلیکی ئینێرژیمان بۆ دەکێشێ و تێیدا لیبیدۆ زیاد دەکا و دواتر شڵەژان دروست دەبێ، ئینجا بێزاری و دواتر شڵەژان بەرزتر دەبێتەوە، هەر بەم شێوەیەش لۆرەنس پێیوابوو پەرچەکرداری هێز وەک ئەو غازە وایە کە بەردەوام دەکرێتە ئینجانەیەکەوە، یان شلەیەک لە تانکییەک بکرێ دواتر لە ڕێگەی سەرقاپێکەوە بتوانین بەتاڵی کەینەوە(٤).

ئەو وەرگرتنەی فرۆم لە ماگدۆگڵ و فرۆید هەوڵی ئاراستەی بیۆفیلی(ژیاندۆستی)مان لە خۆشکردنی ژیان و ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی بۆ دەردەخات.

ڕوانینی ئاراستە ڕەفتارییەکان کە ژینگە بە سەرچاوەی ڕەفتار دەزانن، تەواو پێچەوانەی غەریزییەکانە و ڕەفتار لای ئەوان لە لایەن ژینگەوە ئاراستە دەرکرێ و ئەو ژینگەیەش فاکتەری جۆراوجۆری فیزیکی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، هەربۆیە شەڕانگێزی و پێچەوانەکەشی لە ڕوانینی ئەواندا دەکرێ بخرێنە پرۆسێسێکی پیشەییەوە و بە مەبەست دروست بکرێن و دواتر ئاراستە بکرێن، واتە وروژێنەرەکان لە بەرانبەردا وەڵامیان دەوێ و ئاستی لێزانی تاکەکان لە فەراهەمکردنی وروژێنەر و ڕێکخستنیان ئاستی پەسەندی و ناپەسەندی ئەو ڕەفتارانەمان بۆ وەدیار دەخات.

## دیدگەی تر

مرۆناس و مەعریفەگەراکانیش دیدگەی تایبەتی خۆیان هەیە کە زیاتر پەیوەستە بە واقیعی کۆمەڵایەتی و خودی و سووڕی ژیانی کولتووری و کۆمەڵایەتییان، بۆ نموونە بوونناسە سایکۆلۆژیستەکان سەرکەوتنی مرۆڤ بە دۆزینەوەی مانا بۆ خۆیی و بۆ ژیانی خۆی دەبەستنەوە و لە بەرانبەریشدا کە نەیانتوانی چێژ لە بوونی خۆیان ببینن و مانای بۆ بدۆزنەوە، دووچاری بەتاڵاییەکی وجوودی دەبن و هەم خۆیان و هەمیش دەرەوەی خۆیان تووشی کێشە و گرفتی زۆر دەکەن.

ئەوەندە لەو ڕایە باوە دوور ناکەوینەوە ئەگەر پێمانوابێ شەڕانگێزی بە جۆرێک لە جۆرەکان پەرچەکرداری ئەوتۆن بەرانبەر (نزم و بچووک لە خۆگەیشتن و بێ توانایی و ڕقی خەڵکە لێیان) و لای کەسەکە لە هەڵوێستی جیاجیادا دەبێ بە ڕەفتاری توند، پاشان بە زیانگەیاندن بە دەوروبەر وەری دەگێڕێتە سەر زەمینەی واقیع، بەو مانایە دژکاری جۆرێکە لە بەرگری بەرانبەر نزم هەڵسەنگاندنی تاک و بەکەمزانینی خودی خۆی. ئەگەر بەو مانایەش بێ ئەی کەواتە ڕێزگرتن و هەڵسەنگاندنی خود چییە؟ هەڵبەتە بریتییە لە دۆخێک تێیدا تاک لەخۆحاڵیبوونێکی ئەرێنی هەیە بۆ خۆیی و هاوکاتیشە بە شعوورێکی پۆزەتیڤ لەسەر خۆی. هەندێ جاریش ئەم خۆخەملاندنە تێکەڵی شانازی و غروور و سەرسامبوون بە خۆ و نێرگزییەت و هەست بە باڵابوون دەبێ. ئەگەر هاتو ئەم خەسڵەتانە لە بینینی تاک بۆ خۆی ونبوون و لە جێی ئەمانە بە بێ نموودی و بێ بایەخی و دەروەست نەهاتن و هەژاری عەقڵی و نازیرەکی و سووک سەیرکردنی خود و خۆ لێ دوورگرتنی خەڵک دەرکەون و دواتر بینینی تاکەکە بۆ خۆی نەرێنی بێ، ئەوە ئازارێکی زۆری عەقڵ و هۆشی دەدات، بۆ ئەوەی کەسەکە ئەم بینینە لەسەر خۆی بڕەوێنێتەوە، کردەیەکی توند ئەنجام دەدات و سەرنجی خەڵکی دەخاتە سەر خۆی و بۆ ماوەیەک خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێ، ئەگەر ئەو ماوەیە کورتیش بێت(٥).

## شیکردنەوەی نیکرۆفیلی و بیۆفیلی

فرۆم لە کتێبی " ئەناتۆمی وێرانسازی مرۆڤ" دەڵێ: شەهوەتی خوێنڕشتن تا ئەو زەمەنە کۆنە بڕوا بەوە بێنین کە بنەمایەکی زگماکی هەیە، خوێنڕشتن واتا کوشتنی ئەوی تر و یەکسان دەبێت بە خۆشەویستی کوشتن، بە مانایەکی تر ئایا چێژ وەرگرتن و خۆشی لە خوێنڕشتن هەمان هێز و چێژی کوشتنی نییە؟ خوێن توخمێکی سەیرە هەمان بەهای ژیان وەردەگرێت، یەکێکە لە سێ توخمە پیرۆزەکەی بە نێو لەشی مرۆڤدا دەسووڕێنەوە(سپێرم و شیر و خوێن)، سپێرم سیمبۆلی نێرینەییە و شیر هێمای مێیینەییە، بەڵام خوێن بەسەر هەردووکیاندا باڵا دەبێ و بە هۆیەوە بەسەر هێزی ژیاندا زاڵ دەبێت(٦).

نیکرۆفیلی (حەزی مردن) خوێن پیرۆز دەکات و شانازیش بە ڕشتنیەوە دەکات و لە ڕێگەیەوە بەوانی تر دەڵێت: خوێن لە شیر و سپێرم گرنگتر و بە سامترە کە وەک نێر و مێ پێیانەوە دەژیەین، ئەوانەی چوونە نێو سرووتەکانی خوێنەوە وەک چۆن لە یادگەی مرۆڤایەتیدا تۆمارکراوە، هەوڵیان دا بۆ دنیای بسەلمێنن کە ئەوان لە

ژیاندا شکستیان خوارد چون ژیان پێویستی بە عەقڵ و بیرکردنەوەیە و هەردوو ئەم پرۆسێسانەش خاوەن دەروونە سستەکان ماندوو و شەکەت دەکەن، هەر بۆیە ئەم پێوەندییە نێوان کەسییە شێواوەیان وایان لێدەکا لەم سەرچاوەیەی ئازارە رابکەن و بەرەو پرۆسێسێکی ئاسانتر بچن ئەویش وێرانسازی و سڕینەوەی ئەوانی ترە، تیرۆریست و شەڕانگێز پێیوایە خوێن (شەربەتی ژیان)ـە و بۆ ئەوەی دەروونە شەڕخوازەکەی بە زیندوویی بەردەوام بێت، ژیان لەوانی تر دەسێنێتەوە و لە خوێنەکەیان دەخواتەوە.

## سیحر و تەماحی تیرۆر

ڕەفتاری شەڕانگێزی لە بنەماکانی چوارچێوەی هزری و ئیمانی و هەڵچوونی کەسەکانەوە هێز وەردەگرێ، ئەوان لە چوارچێوە یاسایی و سیستماتیزە کراوەکاندا توانایی دەرکەوتن و ئازادانە پیرۆزکردنی خوێنیان نییە، لە نێو سیستمەکانی کۆنترۆڵی عەقڵدا ناتوانن بە ئارامی هەناسە بدەن، بۆ ئەوەی حەز و ئارەزوو و ئیمانە خوێناوییەکانیان ئازادکەن، بەرەو جوگرافیا و یوتوپیایەکی تر سەفەر دەکەن، لەوێدا دەکوژن و خوێن دەڕێژن و ئەم هەڵوێستەشیان لە چوارچێوەیەکی شەرعی و فەتوایی دەئاخنرێ. لەوێ دەدزن و تاڵان دەکەن و کەسێک، یاسایەک، سیستمێک نییە ڕێگریان لێ بکات جگە لەوەی ئەم هەنگاوەشیان بۆ بە جیهاد و ئەجر دەژمێردرێ.

لەوێ سێکس دەکەن و ژن و مێردەکانی یەکتر دەگۆڕنەوە و هیچ یاسایەک نییە بەر لەو شەهوەتە ساتەوەختییە ناوە ناوە هەڵگیرساوەیان بگرێ و دواتر ئەم نیکاح و نیکاحکاریەش پاداشتی جیهاد و تێکۆشین لە پێناو فیردەوسێک لە ئاسمانی هەیە.

شەڕانگێز و تیرۆریست لەو دنیایە شەهوانییەدا کەوتۆتە بەهەشتەوە و ئەوەی بیەوێ لە کوشتن و خواردن و کردن دەیکا، ئەو ڕاکردووییەکە لە عەقڵ کە بە سیستم دەیناسینەوە، ئەو هەڵاتووییەکە لە بنیادنان کە ئەوە ژیاندۆستییە ئەو نەزعەیەمان لەلا بە هێز دەکا، ئەو خۆی لە خۆشەویستی مرۆڤ دەشارێتەوە و بە خوێن خۆشەویستی بۆ خۆی و تەنیا خۆی دەردەبڕێ، ئەمانە هەموویان ئەو تەماحانە بوون خراونەتە پێش کەسە نزم و شەڕانگێزەکان و ئەویش بە هێزە ئاژەڵییەکەی خۆیەوە پێشوازی لەو دنیایە دەکا.

لە جوگرافیای تیرۆر و شەڕانگێزیدا حەزە غەریزییە لیبیدییەکان خۆیان لە عەقڵ دەدزنەوە و پەیمانێکی ستراتیژی لەگەڵ (منی باڵا) مۆر دەکەن، هەموو ئەو شەهوانیەتە مۆری منێکی باڵای لە هەموو منەکان باڵاتر کە لای ئەوان لە سیمبۆلی (خوا) بەرجەستەیە دەکەوێتە سەر. خوا لەوێدا و لای ئەوان خەسڵەتە ئێستاکی و باڵاکانی لێ زەوت دەکرێ و وەک ئایکۆنێکی ستەمکار و خوێنرێژ وێنا دەکرێ، ئەمە ستەمێکی هەرە گەورەیە لەو خوایە دەکرێ کە هەمیشە دەبوایە بە هێما و ئایکۆنی جوانی و وەفا و بەزەیی و نەرمی و خۆشەویستی مابایەوە.

کەس بەقەد تیرۆریستان لە بایەخی خودای کەم نەکردۆتەوە، کەس بەقەد ئەوان وێنە و گەوهەری خودایان نەشێواندووە، لە جوگرافیا و زەمەنی ئەواندا هەموو هێما پیرۆزەکان بە شتی تر جێیان دەگیرێتەوە، ئەمان کودەتایان بەر لە هەموو کەسێک لە خودا کرد و هەموو تێگەیشتنەکانیان لەسەر ئەو هەڵگێڕایەوە.

## دەرەنجامی تیوری

یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەم پێپەرە ئەکادیمییە تیورییە کە لەسەر کەسێتی تیرۆریست و شەڕانگێز بوو ئەوەیە ئەو کولتوورانەی لە نێو خۆیاندا بیر و هزری توند هەڵدەگرن و بەرهەم دێنن، توانایی ئەوەیان نییە تاکەکانیان بەو ئاراستەیە بەرن دەروونیان بەرە بەرە لە خڵتە و پۆخڵەواتەکان ڕزگاری بێت، تەنانەت ئەگەر هاتو هەلی ئەوەشیان بۆ بێتە ئارا.

کێشەی تیرۆر لە ناوەوەی ڕێکخراو و ئۆردەرە مەعریفی و ئیمانییەکان سەردەردێنێ و هەروەک فرۆم و یۆنگ دەڵێن پێویستە بۆ دەربازبوون لێیان بە تەواوی مێژوودا بچینەوە. تیرۆر وەرگۆڕانێکی سایکۆکیمیکییە و سەرلەنوێ ڕێکخستنی تاکەکان بۆ دەربازبوون لێی کارێکی قورس و دوورودرێژە و پێویست بەوە دەکا ئەو مەرجانەی فەراهەمی دەکەن لە بەین بچن و بنیادی دیکە بۆ خودی کەسەکان دابمەزرێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی پێداچوونەوە بەو گوتارانەی مرۆڤ بەرهەمیان دێنێ. ئەم هەوڵە چالاکییە زیندووەکانی هانی بنیادنانی ژیان دەدەن دەبووژێنێتەوە و توانایی کۆنترۆڵ دەداتەوە عەقڵ و هەر ئەویش فاکتەری یەکەم دەبێ لە دروستکردنی ڕەفتار و

ئاراستەکردنیدا کە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی خۆی بگونجێ، نەوەک لەسەرەوە و دەرەوەی خۆیدا بېزوێنرێ.

هزری لاواز کە کاریگەرییەکی سەرەکی هەیە لە هاژۆشتنی کۆمەڵگەکەی خۆمان لە بەرانبەر زۆرداری ئایدیۆلۆژی و تۆتالیتاری زۆر هەژارە و لەپاڵ ئەوەشدا بایەخ نەدراوەتە دەسەڵاتی پەروەردەیی تاوەکو ڕۆڵی بنیادنەر لە کەسێتی و گەشەی عەقڵیدا بگێڕێ، لە بەرانبەردا زیاتر بوار دراوەتە دابونەریتی بەسەرچوو بۆ ئەوەی دیسانەوە بڕژێتەوە مێشکی منداڵەکانمان و گەرای توندوتیژیان تێدا بنێنەوە و بۆ ئێستا و ئاییندە بیانکەن بەو بۆمبایانەی هەر کاتێک بیانەوێ بە کۆمەڵگەدا بتەقنەوە.

پەروەردە وەک کارگەی دروستکردنی ڕەفتار و ئامادەکردنی تاکەکان و ڕەنگرێژکردنیان لە ڕووی کولتوورییەوە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە جگە لە فەراهەمکردنی هەندێ مەرجی فیزیکی سەرەتایی و پرۆگرامەکانیش لەسەر هەمان ڕێچکەی توتالیتاریانەی پێشان بەردەوامن و بە شێوەی جودا مرۆڤ بۆ ئامانجی بچووک بچووک ساز دەکەن نەوەک بۆ پرۆژەیەکی درێژخایەنی ئینسانی و نەتەوەیی مۆدێرنی باڵا.

دەسەڵاتداران درک بە مەترسییە کارەساتبارەکانی ئەم دۆخە پەروەردەییە شکستخواردووە ناکەن و لەوە بێئاگان کە ئەوان کارئاسانکەرێکی زۆر دیار و بەرچاون بۆ چاندنی گەرای هزری توند و شەڕانگێزی و تاکەکانمان بۆ پرۆژە گەورە کۆمەڵایەتییەکان ئامادە ناکەن بەقەد ئەوەی نائاگایانە کەوتوونەتە خزمەت ئاییندەیەکی پڕاوپڕ لە خوێن. سازکردنی مرۆڤ لە بنەما سەرەکییەکانی هەر گۆڕان و شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە و هەر جووڵانەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەگەر ئیش لەسەر گەشەپێدان و پەرەسەندنی تاک وەک بوونێکی عاقڵ و بەرێز نەکا، ئەوە تەنیا وەڵامدەرەوەی چەند کردارێکی دەروون ورووژێنی کاتین و هەردەم دەکەونە ژێر کاریگەری هەڵچوون و داچوونەکانەوە. مرۆڤی ژیاندۆست و دوور لە شەڕانگێزی لە چوارچێوەی پرۆژەی ستراتیژی پەروەردەیی کۆمەڵایەتییەوە دێتە ئارا، ئەوەی لەسەر زەمینی ئێمە بە ناوی شۆڕش و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕوویانداوە، جگە لە دەموچاوگۆڕینی نارسیستەکان چیتر نەبوو، مەگەر نا بۆچی تادێ هەم باری سیاسی و هەم باری ئابووری و هەمیش باری کولتووری و کۆمەڵایەتیشمان بەرەو خراپ و خراپترن؟.

خراپی باری کولتووری و ئابووریش هەر یەکە بە قورسایی خۆیان زەمینە بۆ پرۆژەی وێرانسازی مرۆڤ و کۆمەڵگە ساز دەکەن، نەوەک بۆ هێنانە ئارای ئەو مرۆڤەی لە دروشمە شۆڕشگێڕییەکان کە ڕۆژانێک دەوترانەوە. گەندەڵی هەر بەتەنیا لە بوارە ئابوورییەکەی چالاک نییە بەقەد ئەوەی بەر لەوە مێشکی خەڵکانی ئێمەی تەنیوە و هەناوی کولتووری ڕزاندووە و گەرای تێدا ناوەتەوە، بووەتە هۆکاری ئەوەی ڕەفتارەکان لە دەسەڵاتی سیاسی و بازاڕیشدا کەچ و لار بن و لە فۆڕمە گشتییەکەیدا جەستەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی شێواو و شەپڕە لێدراومان نیشان دەن.

ڕۆشنبیری و خوێندەوارانی ئێمە لە بواری وەبەرهێنانی کولتووریدا زۆر دەستەپاچە بوون، ئەوان ئەوەندەی لە دەوری خۆیان بوون، نیو ئەوەندە بیریان لەوانی تری دەرەوەی خۆیان نەکردۆتەوە، ئەم ڕەفتار و حەزە خواروخێچە لە سیاسییەکان فێر بوون و ویستیان بە چەکی کولتوور و ڕۆشنبیری شەڕ لە دژی دەسەڵاتداران بکەن تا ئەو کاتەی لە سازشی جیا جیادا قەڵەمەکانیان لێدەکەوێ و ئیدی ئەوان شت و بابەتی تر بۆ بایەخ پێدان دێننە پێشەوە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

*** ناونانێکە بۆ ئەو کەسەی بژاردە مەترسیدارەکە کە مردنە هەڵدەبژێرێ، فرۆم لە کتێبی ئەناتۆمی وێرانسازی ئینسان قسەی لەسەر دەکا.**

**١- فروید، سیجموند (السنة مفقودة)، الكبت، تحليل نفسي، ترجمة: علي السيد حضارة، ص١٣٩، القاهرة، المكتبة الشعبية.**

**٢- فروم، اريک(٢٠١١). جوهر الانسان، ت: سلام خير بک، ص١٦، ط١، دار الحوار، اللاذقية - سورية.**

**٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.**

**** لەو کتێبەیدا فرۆید ماجەرای کوشتنی باوک وەک بەکاربردنێکی سیمبۆلیکی دەگێڕێتەوە.**

**٤- فروم، اريک(٢٠٠٦). تشريح النزعة التدميرية للانسان، الجزء الاول، ص٥٢-٥٣، ط١، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، سورية.**

**٥- ابراهيم، ماجد (٢٠٠٥). الارهاب، الظاهرة وابعادها النفسية، ص١٩٨، ط١، بيروت، دار الفارابى.**

**٦- فروم، اريک(١٣٦٤ هجرى شمسى).آناتومى ويرانسازى انسان، ص٤٥٧، جاب دوم، تهران، نشر فرهنک.**